www.kurdistannet.org
28-4-2007 2:40بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## قیژەی دوعا وا لە گەرووی مندایە... تریّ عومەر



مەرگ سەری شۆڕ کردەوە
لە بەرامبەر قژی خوێناوی سوورتدا
ئاسمان چاوی شۆڕ کردەوە
لەبەرامبەر قیژەو هاواری دوورتدا
زەوی گەر بۆ بکرابایە
بە ناخی خۆیدا ڕوو دەچوو
بەردیش گەر شەرەفی با
دەتوایەوە پێشی تۆ زوو..
زۆرم قیژاند
لە دڕندەوکەڵبە سوورە خوێناویەکان
زۆرم قیژاند
لە درنج ودێوو وەحشە کێویەکان
هۆ دوعا خان
پەڕ پەڕ باڵم دەسوتێنم
داو داو قژم
دەکەم بە ئاگرو بە داستان
دەستێکم دێنم وەکو مۆم
دەیئاڵێنم
لە قەدی لەخوێن خەڵتاوت
دەستی ترم
بە خوێن دەکەم
وەکو مۆرێک
دەیدەم لە دیواری کورتی یەزیدی خان
من دوێنێ بەعشیقەم بینی
مەمکی دایکی خۆی دەبری
لەگەل هەر زامێکی تۆشدا
مەلێک بۆ ئاسمان هەڵفڕی
تۆ ڕۆیشتی... !
بەڵام قیژەت وا لە گەرووی
من وهەزاری وەک مندا
هاوار دەکا
بە سەر چاوی شۆڕو کوێری
هەزاران بکوژی ژندا
تۆ هەرگیز یەکەم گەلا نیت
خەزان پرچت بوەرێنی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

تۆ هەرگیز یەکەم پژان نیت
ئەستێرەت لێ بڕژێنی
زۆر خونچەی تر
لەگەل شکۆفەدا سووتان
زۆر دوعای تر
هەر بە غەدر هەتک کران..
دە بڕۆ دەی.. !
جێمان بێڵە
وەک ژنێکی زۆر تێک شکاو
وەک فنجانەی
هەزارهەزار پارچە کراو
چیت کردبوو
لەوەی زیاتر
ناوی خۆت کردبوو بە گوڵاو
دە بڕۆ دەی.. !
تۆ نهێنی چەندین دلۆپە فرمێسکت
ئاشکرا کرد
تۆ سومبوڵی خوشەویستیت
بۆ ئاسمان برد
دڵنیا بە تۆ هەر زیندووی
دوعا نامرێ و دوعاش نەمرد..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.